**شادبوونەوە بە زێدی نیشتیمان لەدوای ئاوارەبوون**

**شەنگال، عێراق** – گوندێک کە سەردەمانێک قەرەباڵغ و ئاوەدان بوو، ئێستا دیمەنێکی پڕ لەوێرانکاری هەیە: وایەری هێڵەکانی کارەبا بە ستوونە شکاوەکان دا شۆڕبۆتەوە، بیرەکان وشک بوون، کۆڵانە بە شەوق و زەوقەکانی، ئێستا لەبێدەنگیەکی نامۆدان و تەنانەت باڵندەیەکیشی تێدا نافڕێت. ئەمە ئەو واقیعە تاریکەیە کە ڕووبەڕووی دانیشتوانی گەڕاوەی گوندەکانی گرزەرک (عەدنانیە) و سکینییە لە شەنگال، لە باکوری عێراق، دەبێتەوە.

هەردوو گوندەکە بە هۆی ئەو زیانە زۆرەی کە لەلایەن داعشەوە بەریانکەوتووە، چۆڵ و هۆڵ بوونە و هیچ خزمەتگوزارییەکی سەرەتاییان تێدا نەماوە. ساڵانێکە گەورەیی قەبارەی وێرانکاری ڕێگری لە گەڕانەوەی دانیشتووانەکەی دەکات. بەڵام بەهۆی خراپی و زۆرجار سەختی و دژواری دۆخی ژیانی ناو کەمپەکانی ئاوارە ناوخۆییەکان کە بۆ ماوەی نزیکەی دە ساڵە درێژەی هەیە، هەندێک خێزان ناتوانن بەدەم بانگەوازی گەڕانەوە ماڵ نەچن، بۆیە بڕیاریان داوە خاکی باوباپیرانیان ئاوەدان بکەنەوە.



گوندی گرزەرک، شەنگال، حوزەیرانی ٢٠٢٤. ڕێکخراوی IOM @ سیڤان سەلیم

سلێمان، باوکی نۆ منداڵە، خەڵکی گوندی گرزەرکە (عەدنانییە)، بەمەبەستی کارکردنی ڕۆژانە پەیداکردنی بژێوی ژیان بۆ خێزانەکەی ڕووی لە شارەکانی دیکە دەکرد، تا ساڵی ٢٠١٤ کە شەڕ و ناکۆکییە سەریهەڵدا.

ناوبراو گوتیشی 'گرزەرک ماڵی هەموو خێزان و خزموکەسەکانم بوو؛ ئێمە بە پێکەوە دەژیاین، هاوبەشی خۆشی و خەمەکانمانی یەکتر بووین، لەهەموو کاتە پێویستەکان دا یارمەتی یەکترمان دەدا. موسڵمانان و مەسیحییەکان و ئێزیدییەکان بەخۆشی پێکەوە دەژیان'.

کاتێک داعش لە ٢٠١٤ هێرشی کردە سەر گوندەکەی، ئەو لە شاری سلێمانی کاریدەکرد. لە نیوە شەودا، لەلایەن کۆڕەکەیەوە پەیوەندییەکی تەلەفۆنی پێگەیشت- داعش دەستی بەسەردا گرتبوو و خەڵکەکە بەرەو چیای شەنگال هەڵدێن.

دوای بەرگەگرتنی کەم خواردن و کەمئاوی بۆ ماوەی نۆ ڕۆژ و مانەوە لەژێر هەڕەشەی بەردەوامی داعش، یەکتریان گرتەوە و بەرەو هەرێمی کوردستانی عێراق هاتن تا لە کامپەکان بگیرسێنەوە.



سلێمان لە پەنجەرەی ماڵی داهاتوویەوە سەیری دەرەوە دەکات، شەنگال، حوزەیرانی ٢٠٢٤. ڕێکخراوی IOM @ سیڤان سەلیم

کاتێک بەشێکی باکوری شەنگال ئازاد کرا، سلێمان بە هیوای نزیکبوونەوەی لە گوندەکەی خۆی ڕووی لە ناحیەی سنوونێ کرد. هەر زوو دوای ڕزگاربوونی تەواوەتی، چووە قەزای شەنگال، تەنیا بۆ ئەوەی ببینێت ئەو شوێنەی کە سەردەمانێک شارێک بوو، ناوەندێکی گەشەسەندوو و جەنجاڵی کۆمەڵگەی ئێزدییەکان بوو لە عێراق، ئێستا چەند چۆڵە و بەهۆی ئەو وێرانکارییە بەسەر خانووەکان و ژێرخان و خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان دا هاتووە، بۆ ژیان ناشێت و کەسی تێدا نییە

ناوبراو گوتی "بە شێوەیەکی ئێجگار زەحمەت بوو کە ژیانی ک دە کەس دابینبکەی. ناوبەناو سەردانی گوندە وێرانەکەمم دەکرد تا بڕیارمدا خێمەیەک لە تەنیشت خانووە ڕووخاوەکەم هەڵبدەم و لەگەڵ چەند ئەندامێکی خێزانەکەمدا ڕوومان لەوێ کرد". ئەوە ئەوکاتە بوو کە سلێمان بۆ یەکەمجار زانیاری لەسەر ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) وەرگرت. سلێمان شایستەی پرۆگرامی هاوکاریکردنی خانووبەرە-ی  ڕێکخراوی IOM بوو. ئەم پرۆگرامە هانی ئەو خاوەن ماڵانە دەدات کە خانووەکانیان زیانێکی مامناوەند یان زۆریان پێگەیشتووە یان بە تەواوی وێرانبووە بۆ ئەوەی دەستپێشخەری و ڕابەرایەتی دروستکردنەوەی بکەن. ئەو خاوەن خانووانە لەلایەن ئەندازیارانی ڕێکخراوی IOM-ەوە ڕێنمایی دەکرێن و پاڵپشتی کۆنترۆڵی جۆریی دەکرێن، ئەندازیارەکان یارمەتی دانانی پلان و نەخشەی دورستکردنەوەکە دەدەن تا دەگەنە قۆناغە گرنگەکان. لەگەڵ تەواوبوونی هەر بەش و قۆناغێکی گرنگ، خاوەن ماڵەکان بە چەند قیستێک هاوکارییە داراییەکە وەردەگرن، کە بەهۆیەوە دەتوانن بچنە قۆناغی دواتر  و پرۆسەی دروستکردنەوەکە تەواو بکەن.

دوای بەدەستهێنانی بەڵگەنامەی پێویستی بەفەرمی دیاریکردنی خاوەندارێەتیکردنی زەویەکە، سلێمان دەستی بە کارەکانی دروستکردنەوە و دانانی بناغەی داهاتوویەکی گەشتر کرد.





ئەو خانووە نوێیەی کە بەم زووانە دەبێتە هی سلێمان، شەنگال، حوزەیرانی ٢٠٢٤. ڕێکخراوی IOM @/سیڤان سەلیم

کۆرێ حەسەنی تەمەن 49 ساڵ دایکی چوار منداڵە و خەڵکی گوندی سیکینیەیە، ئەویش هاوشێوەی سلێمان، خۆی خێزانەکەی ساڵانێکە لە ئاوارەییدان و ڕووبەڕووی چەندان ئاستەنگ و ئاڵنگاری بوونەتەوە و دۆخی ژیانیان هیچ سەقامگیرییەکی بەخۆیەوە نەبینیووە و دەڵێت "پێش ئەوەی داعش بێت، ئێمە زەوییەکی بەپیت و بەرەکەتی کشتوکاڵی و چەند سەر بزنێکیمان هەبوو کە بژێوی ژیانمانی دابیندەکرد".

بارودۆخی کۆرێ وەرچەرخانێکی خراپی بەخۆیەوە بینی کاتێک هاوسەرەکەی، کە نەخۆشی دڵی هەبوو، کۆچی دواییکرد، بەمەش باری قورسی پاڵپشتیکردنی خێزانەکەی بەتەنیا کەوتە سەر سەرشانی. سەرەڕای ئەم زەحمەتی و ناخۆشیانە، کۆرێ کۆڵی نەدا. دوای نۆ ساڵ ئاوارەبوون لە یەکێک لە کەمپەکانی دهۆک، بڕیاری بوێرانەی دا بۆ گەڕانەوە و بیناتنانەوەی ژیانیان لەو شوێنەی کە بە ماڵی خۆیانی دەزانن.



کۆرێ حەسەن، سیکنییە، شەنگال، حوزەیرانی ٢٠٢٤. ڕێکخراوی IOM @/سیڤان سەلیم

بۆ چەند مانگی یەکەمی دوای گەڕانەوەیان بۆ سیکینیە، کۆرێ و خێزانەکەی لەگەڵ خزم و کەسوکاریان دەژیان، پێکەوە خەرجی ماڵەوەیان دەکرد. ئەو خزم و کەسانەی پاڵپشتیانکرد تا دەست بە دوستکردنەوەی خانووەکە خۆی بکات، یارمەتیان دا بۆ ئەوەی یەکەم هەنگاو بنێت بەرەو دەستپێکێکی نوێ. خۆشبەختانە، کۆرێ، وەک سولەیمان، وەک شایستە و شیاوی پێدانی هاوکاری چاککردنەوەی خانوو و شوێنی حەوانەوە-ی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ پەسەندکرا و خۆشی ڕازی بوو بەشداری لە پرۆگرامەکەدا بکات، ئەمەش وایکرد نۆژەنکردنەوەی خانووەکەی پێ تەواو بکات و بچێتە ماڵەکەی خۆیەوە.



خانووە کۆنەکەی کۆرێ لە گوندی سیکنییە، لە شەنگال، حوزەیرانی ٢٠٢٤، وێنە: ڕێکخراوی IOM @/سیڤان سەلیم

حەمید کوڕی کۆرێ ئاهێکی هەڵێکشا و گوتی "ئێستا سێ ژوور و مەتبەخێکمان هەیە. ڕاکێشانەوەی هێڵی کارەبا و دەستڕاگەیشتن بە بیرێکی ئاوی نزیک ماڵمان، ژیانی ئێمەی باشتر کرد."

حەمید، کە نیوەی تەمەنی لە کەمپەکاندا بەسەر بردووە، بیر لەوە دەکاتەوە، "هەرچەندە لێرە لە زۆر شتمان کەمە، بەڵام ئەمە ماڵی منە. تەنانەت باشترین کامپیش هەرگیز ناتوانرێت بەراورد بکرێت بەو هەست و شانازییەی کە لە ژیان لە ماڵەکەی خۆتدا بۆت دروست دەبێت، ماڵێک کە بە دەستی خۆت دروستت کردووە."




„

حەمید، کوڕی کۆرێ، لە گوندی سیکنییە، لە شەنگال، حوزەیرانی ٢٠٢٤، وێنە: ڕێکخراوی IOM /سیڤان سەلیم

لەگەڵ بنیاتنانەوە و ئاوەدانکردنەوەی ماڵەکەیان، کۆرێ و خێزانەکەی هەنگاو بە هەنگاویش خەریکی گێڕانەوەی ئیش و کار و شتە ڕۆتینییەکانی ڕۆژانەی خۆیانن: "ئەگەرچی ژیانمان وەک جاران نییە، بەڵام خۆشی لە خۆڕاگریماندا دەبینین. منداڵەکانم چوونەتەوە قوتابخانە و کار دەکەن. بەردەوام دەچینە گوندەکانی دەوروبەرمان بۆ ئەوەی ئەو شتانە بکڕین کە پێویستمانە".




کۆرێ و منداڵەکانی لە خانووەکەیان. شەنگال، حوزەیرانی ٢٠٢٤. ڕێکخراوی IOM @/سیڤان سەلیم

زۆر سوپاس بۆ هەوڵەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ و ئاژانسی گەشەپێدانی نێودەوڵەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی (USAID) لە نۆژەنکردنەوەی خانوو و شوێنی حەوانەوە، و پاڵپشتییەکانی حکومەتی هۆڵەندا و نووسینگەی دانیشتووان و پەنابەران و کۆچ-ی وەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (PRM) بۆ گەیاندنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان، بەمەش ١٩٢ خێزان بۆ ئەم دوو گوندە گەڕاونەتەوە، ١١٩ خێزان بۆ گوندی گرزەرک و ٧٣ خێزانیش بۆ گوندی سکینییە گەڕانەتەوە و ژیانێکی نوێیان بەبەر کۆمەڵگەکانی ئەو دوو گوندە دا کردۆتەوە.



چاککردنەوەی تۆڕەکانی کارەبا لە گوندی سکینییە، شەنگال، حوزەیرانی ٢٠٢٤. ڕێکخراوی IOM@ سیڤان سەلیم

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ پابەندە بە پێشکەشکردنی پاڵپشتی پێویست بۆ دانیشتوانی گەڕاوەی ئەو گوندانە هەر لە شوێنی نیشتەجێبوون و باشترکردن یان گێڕانەوەی دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی وەک ئاو و کارەبا، تادەگاتە داکۆکیکردن لێیان لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ دووبارە کردنەوەی قوتابخانەکان و بنکەیەکی تەندروستی و چارەسەرکردنی پێداویستییەکانی کاروکاسبی بژێوی ژیان.